# بەغا

## ئاسۆعەبدوللەتیف

شارستانیەتی کۆنی بابلی و سۆمەری و ئاشوریی و بەیتی نەهرەین و نەبوخەزنەسرو موعتەسەم و هارونەرەشیدو خەلیفەکانی ئیسلام و هێرشەکانی هۆلاکۆو سوتاندن و لەناوبردنی کتێبخانەو شین بوونی ئاوی دیجلەو دەیان بەسەرهات، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم بەغایەی کە ئێستا کورد سەرۆك کۆماریەتی و شیعە سەرۆك وەزیران و سوننەش پەراوێز، دیارە ئێمە هەمووومان وەکو کورد بەو پایتەختە ئەڵێین بەغا نەك بەغداد بۆیە مەبەستمە تەفسیرێك بۆ ئەو بەغایەی دوای بەعسیزم بکەم، بەغا ئەو پایتەختەیە کە رۆحی دروستکردن و وێرانکردن و هەمانکات خوشویستن و رقیشمان تێدا دروست ئەکات بەتایبەتی بۆ گەلی کوردو زۆر یادەوەری دانوستان و کوشتن و شەڕو ئاشتبونەوەمان هەیە لەم بەغایەدا، بەغا شارێکی سیحری و دلڕفێنی کۆن و تەقینەوەو ترس و عوبووەی ناسیفی ئێستا، هەمیشە سەنتەری ململانێکانی کۆن و نوێ بووە، سەنتەری دابەشکردنی داهات و نەوت بووە، پایتەختی مافخوران و مافپێدانی رەگەزو تیرەو رەنگ و زمان و ئاین و ئاینزاکان بووە، کورد لە مێژووی نزیك و بەیاننامەی 11 ئازاری 1970 وە تاڵاوی ئەو پایتەختە نۆش ئەکات و تەنانەت پرۆسەی ئازادی لە 9 نیسانی 2003 نەیتوانی ئەو پایتەختەمان بۆ بکاتە پایتەختی خۆمان و ئەو دەزولە توندە شۆڤێنیەکەی بپسێنێ و کورد پشتوێنی لێ بکاتەوەو بڵێ منیش بەغاییم و لە بەغا دا ئەنیشم و موڵك و دوکان ئەکڕم و سەرمایە کۆ ئەکەمەوەو وەك هاووڵاتی دەرەجە یەك رەفتار بکەم و رێزم بگرن نەك خەڵکی شیمالی حەبیب، وەك چۆن بەغایی و عەرەبەکانی خواروی عیراق، کوردستان بە موڵکی خۆیان ئەزانن و لە شارێکی وەکو سلێمانیدا بەپێی ئەو داتایەی رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (503) بڵاویان کردۆتەوە، هاووڵاتیە عەرەبەکان توانیویانە لە پاش پرۆسەی ئازادی عیراق 13٪ ی موڵکی سلێمانی بکڕن؟ ئەی ئێمەی کورد چەند موڵك و شوێنی گشتیمان لە بەغا کڕیوە؟ چەند بارەگای حیزبی و حکومی و کولتوری و رۆژنامەگەری و مدیاییمان لە بەغا موڵکە لەسەر کوردو کراون بەناوومانەوە؟ کورد وەك خۆی چەند ئوتێل و رێستورانت و مارێتی هەیە؟ وەك چۆن کەناڵی فەیحای عەرەبی ئێستا لە شاری سلێمانیەوە پەخش ئەکرێ و توانیشیان گەورەترین و جوانترین تەلارو ئۆتێل بکڕن لە کوردو بیکەن بە ناوی خۆیانەوە بەناوی بەهەشتی شار و بە چواردەوریشیدا رازاندویانەتەوە بە وێنەی عەرەبی و رەمزە عەرەبیەکان و ئازایەتیەکانی خۆیان، کە پێم وایە ئەم پرسە پێویستە قسەی زیاتری لەبارەوە بکرێ هەم بۆ کوردستان و هەم بۆ بەغا، چونکە لە نێو کورددا نەوەیەك دروست بووە باوەری بە عیراق و قورسایی سیاسی پایتەختەکان نیەو نەماوە، چونکە پایتەختەکان مایەی ترس بوون بۆ کورد، دیارە کولتوری ئەم پایتەختی ترسەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە هەمیشە بەغا سەرچاوەی بریارە ترسهاوەرەکان بووە بۆ کوردی باشورو لەبەغاوە بەتەلەفۆن قڕکراین و کیمیاباران و ئەنفالکراین و گوندەکانمان کرایە سوتماك، ئایا بۆچی لە سلێمانی و هەولێر هەمیشە ژیان و جوانی هەبووە بۆ بەغاییەکان و سەیرانگاو ئۆتێل و میوانخانەکانیان بە هەمیشەیی بۆ خراوەتە سەر پشت و بەپێچەوانەوە لە پشتی دیوارەکانی پایتەختەوە ئەوەی هەبوە ترس بووە نەك ئاسۆی ژیانکردن و گزنگی پێکەوە ژیان، کوشتن و سوکایەتی هەبووە، ئەو ناسیۆنالیزمە توندرەوە رەگداکوتراوە یان ئەو تەسبیحە دنك قەڵەوو گومەزە تەقلیدی و دەزولەیە دەبێ بپسێت کە لەو پایتەختەوە بەرهەم دێت، پێویستە کوردیش لەوێ ئەجێندای خۆی بەهێز بکات لەسەر هەموو ئاستەکان تا بەرگەی کاریزماو ئەفسونەکانی ئەو پایتەختە بگرێت، گۆران لە بەغا شۆڕنەبۆتەوە بۆ گوتارو کولتورو مەعریفەی هاوژیانی و هیومانیزم بەڵکو گۆرانەکە لە لە کەوتنی پەیکەری سەدام تێنەپەریوەو تەنانەت کولتورەکەشی هەر ماوەو مایەی ترسە، بەبێ بەهێزبوونی گوتاری سیاسی کوردیش بەم زوانە گۆران رونادات ئەگەرچی دەیان کورد لە بەغا پۆستی باڵاشیان هەیەو بەبەردەوامی کار ئەکەن و کوتلەی پەرلەمانیمان هەیە،کاتێ سەرکردایەتی سیاسی کوردیش رازییە بەوەی لە چوارچێوەی عیراقدا بژی و شەرعیەتی داوەتەوە بە پایتەختەکەی بەغداد دەبێت ئیتر هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە بەغدادو نەهێڵێ کارایی کەم بێتەوەو جارێك سوننەوجارێك شیعەو جارێکیش دەستەی زانایانی موسوڵمان لە کارایی حکومەتەکەی کەم بکەنەوە، بەغا بۆ کورد ئەبێت ئەو پایتەختە بێت کە هەموو خەونەکانی خۆمانی پێوە هەڵنەواسین؟!